پارێزگاری بانکی ناوەندی: نرخی ئاوگۆ جێگیر و ناگۆڕت و بڕدوامین لە خستنەبازاڕی دۆلار



ئەمڕۆ سێشەمە "عەلی عەلاق" پارێزگاری بانکی ناوەندیی عێراق، جەختی کردەوە کە نرخی ئاوگۆی دۆلار جێگیر و ناگۆڕت، ئاماژەی بۆش کرد کە بانکی ناوەندی تووشی هیچ کێشەیەک نەبووە لە یەدەگی زێڕ و دراوە بیانییەکان و بڕدوامن لە خستنەبازاڕی دۆلار.

"عەلی عەلاق"پارێزگاری بانکی ناوەندی، لە وتارێکدا لە کاتی مەراسیمی ڕاگەیاندنی پێژەی "Psule-E" بە پسوولەی ئەلیکترۆنی کە ئاژانسی موتەلع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند: گرنگترین تەوەرە ستراتیژییەکان لە کاروانی چاکسازی ئابووری و دارایی، گۆڕەپانی سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی و وەرچەرخانە بەرەو ئابووری دیجیتاڵی بە شێوەیەک خزمەت بە عێراق بگشتی و هەرێمی کوردستان بتایبەتی بکات.

ئاماژەی بۆشکرد : کە پشتبەستنی زۆر بە نەختینە (کاش) چیتر لەگەڵ پێداویستییەکانی ئابووری مۆدێرن ناگونجێت.

وتیشی: بنیاتنانی سیستەمێکی دارایی پێشکەوتوو پێویستی بە سیستەمی ئەلیکترۆنی پارێزراو، خێرا و شەفاف هەیە کە بڕشدار بێت لە بەهێزکردنی متمانە بە کەرتی بانکی و پاپشتیکردنی سەقامگیری دارایی.

ڕاشیگەیاند : ساڵانی دوایی گۆڕانکاری بەرچاویان لە ژێرخانی پارەدانی ئەلیکترۆنی بخۆو بینیوە لە

ڕێگەی فراوانکردنی بەکارهێنانی کارتە بانکییەکان و جزدانە ئەلیکترۆنییەکان، و زیادکردنی ژمارەی خاڵەکانی فرۆشتن (POS) لە دامەزراوە حکومییەکان و بازاڕە بازرگانییەکاندا، جگە لە ڕاگەیاندنی سیستەمی حەواڵە دارایییە ئەلیکترۆنییەکان کە 24 کاتژمێر کار دەکەن.

عەلاق ڕوونیکردنەوە: ئەم هەنگاوانە بەشدارە لە ئاسانکردنی مامەڵە ئەژانسییەکانی هاووڵاتیان و کەمکردنەوەی کات و ماندووبوون، هەروەها باشترکردنی کارایی سیستەمی دارایی،هەروەک باسی لەوشکرد : کە بانکی ناوەندیی عێراق ئەنکی سەرکی دەگەڵت لەم چوارچێوەیدا لە ڕێگەی دانانی ڕێساکان و ڕێنماییەکان کە سەلامەتی پرۆسەکان و پاراستنی بەکارهێنەران و پاێپشتیکردنی داهێنانی دارایی مسۆگەر دەکات، جگە لە هاندانی کەمپانیاکانی تەکنەلۆژیای دارایی و بەهێزکردنی گشتگیری دارایی.

هەروەک وتی: گەشەپێدانی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە عێراق بێبە هەماهەنگی و تێواوکاری لەگەڵ هەوڵەکان لە هەرێمی کوردستان تێواو نابێت، چونکە ئەمە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم کار دەکەین بۆ یەکخستنی سیستەم و پێوەرە تەکنیکییەکان و فراوانکردنی خزمەتگوزارییە دیجیتاڵییە حکومی و بانکییەکان.

ئاوێشی خستەڕوو : کە تێواوکاری دارایی کەنەکێیەکی سەرکییە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام.

عەلاق لەدرێژی قسەکانیدا وتی : دەستپێکردنی ئەمڕۆ لە ڕێگەی ئامرازێکی نوێ کە بۆ سیستەمی پارەدانی ئەلیکترۆنی و وەرچەرخانی دیجیتاڵی زیاد دەکرێت، هەنگاوێکی جەرییە لە پەرەپێدانی ژێرخانی کەرتی دارایی و بانکی، وتیشی: ئەم ئەپڵیکەیشنە نموونەیەکی کردەیی تێواوکاری نێوان کەرتی گشتی و تایبەتە، و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای سەردەمە بۆ پشکشکردنی خزمەتگوزارییەکی پارێزراو و خێرا کە هاوتەریب بێت لەگەڵ پێشکەوتنە جیهانییەکان.

پارێزگاری بانکی ناوەندی جەختی لە پاێپشتی تێواو بۆ ئەو دەسپێشخەرییانە کردەوە کە بەشدارن لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە دارایییەکان بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق، لەوانەش هەرێمی کوردستان، لە سێنگی گرنگی دادپەروەری لە گێشتن بۆ خزمەتگوزارییە بانکییەکان و بەهێزکردنی متمانە بۆ سیستەمی دارایی نیشتمانی.

ئاوێشی خستە ڕوو: هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێم کراوە سەبارەت بۆ گرێنتی جێبەجێکردنی سیستەمێکی یەکگرتوو و پارێزراو،و سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ سەرکۆزیرانی هەرێم دەربڕی کە خێیان سەرپەرشتی ئەم پڕۆژەیە دەکەن و بڕۆ ئاستێکی ڕاستەقینە دێیەن، ئەمەش هەموومان هان دەدات بۆ هاوکاری و هەماهەنگی و تێواوکاری لەم چوارچێوەیدا.